بسم الله الرحمن الرحيم

(وَالْعَصْرِ، إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ، إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ).

ناو و كرداره پیرۆزەكانی باری تەعالا بەردەوام دەبین لە خزمەتتان، لە حەفتەی پێشتریّ بەحسی مەفهومی هیدایەت و ضەلال وە زەمینەی هیدایەت وە چۆنییەتی هیدایەت دانی باری تەعالا لەبۆ ئائەو ذاتە كە ناومان نایە بە ئینسان، ئەسبابەكانی وە عەكسی ویش ضەلالەتەكە كو بووە ئەوانە بەحس كرا، مەعلومی هەموومانە باری تەعالا فەقەط ئەمەی لەگەر جن خەلق كردییە لەبۆ عیبادەت، ماتەبەقا مەخلوقاتەكانی دی عیبادەتیان لیّ مەطلوب نییە، ئەصلەن مەخلوقن هەموو ئیش و ئەدائیان لە وجود تەسبیح و سەجدەیە.

لەبۆ چۆنیەتی ئەدا كردنی ئەو عیبادەتە باری تەعالا پێغەمبەری ناردییە، پێغەمبەرەكان وەكو مەحەطەی تەقوییە هەر زەمانەك ئەگەر لە{ریّ دەرچوون بووبی لە فیكری بەشەر لە ناحییەی نەناسینی خوای وەكو خوا خۆی ئەوهای دەویّ، ئەووەختی عیبادەت لەو ذەواتانە قبول نەكرایە هەر چەندە طاعات و عیبادەتیشیان تەقدیم كردبی، چونكی لە قورئان ئیلحاد نییە و نەبووە لەسەر كورەی ئەرز هیچ زەمانەك نەهاتییە مەجموعە ئینسانەك ئیعتیراف و ئیقرار نەكەن كە خوا هەیە، بەشكو هاتنی ئەنبیاء و روسول لەبۆ وەی بووە ئەو خواییە كە ئەو زاتە ناسیتی بە غەلەط ئەو پیغەمبەرە هاتییە تەصەوری ئەو زاتەی راست كردتەوە بەرامبەر ئەو خوایەی.

لۆیە ئەصلی ئیمان لە داخیلی ئینسان مەوجودە كە فیطرە، ئەمما پێغەمبەرەكان هاتینە سەرلەنویّ ئەو خوایەی كە لە زیهنی ئینسانەكان هەبووینە سەرلەنویّ خوایەكەیان وەكو كووە خۆی جل جلالە، كو خوا جل جلال دەیەویّ ئەبەو نەوعەی بناسریّ، سەرلەنویّ دیسان ئەبەو نەوعەی خوایان بە ئینسانەكان ناساندییە، كو ئادەم خوای ناسییە كو نوح خوای ناسییە، پاشان ئەنبیائەكان هەتا محمد علیهم الصلاة و السلام جمیعا، ئەبەو نەوعەی ویستیتیان ئینسانەكانی دەوروبەری خۆشیان ئەوها خوا بناسریّ، هەدەفیش لە ناسینەكەی بەو نەوعەی كە ئەنبیاء و روسول لەبۆی هاتییە، لۆوەی فیعلەن ئەگەر ذەواتەكان هاتن عیبادەتیان كرد عیبادەیان لیّ قبول بكریّ.

لۆیە لە قورئان هیچ ئومەتێك نییە مولحید بی، ئومەم هەیە موشریکە شیرکی هەبووە یەعنی ئیقرار دەکا کە خوا هەیە مەوجودە، ئەمما جوزئەك لە ئەسماء و لە ئەفعالی لە ناو و کردەوەکانی خوای سەحب کردییە دایتییە مەخلوقاتی دی، ئەوجە مەخلوقەکان رۆژ و مانگ و ئەستێرە بووبن یاخود مەخلوقەکان بەرد و دارخورما و ئافرەت و بەشەر و ئەنواع جەوی و ئەو شتانە بووبن یاخود ئەفکار بووبن کە بەشەر خۆی دایدەنێ دروستی دەکا، ئەوە هەمووی حەقی ئەحەقییەتی خوای لە صیفات لە ئەفعال لە ناوە پیرۆزەکانی سەحب کراینە درایتە مەخلوقەکان.

لۆیە هەتا تەصەورمان قەناعاتمان بەرامبەر ذاتی رب العالمین بە ئیسم و بە فیعل راست نەبتەوە عیبادەتمان خەلەلی دەبی، کە عیبادەمان خەلەلی بوو ئەووەختی نسبەتی قبول و ریضوان مەحدود دەبی زۆر جار ئیلغاش دەبی، لۆیە لە کن هەمووومان مەعلومە ئەگەر زاتەك هەستا دەست نوێژ بشوا نییەتیشی ئەوە بوو دەست نوێژ بشوا، ئەمما لە پێی چەپیەوە دەست نوێژی شووشت پێشەوەی دەم و چاوی بشوا، پێشەوەی دەستی بشوا لە پێی چەپی دەستی بە دەست نوێژ شوشتن کرد بە هەموو ئجماعی ئومەمە دەست نوێژەکەی تەواو نییە و قەبوول نییە ئەگەر نییەتی داخلیشی دەست نوێژ شوشتن بی، کە دەست نوێژەکەی تەواو نییە صیحەتی نییە روکنی نەهاتتە جێ کە نوێژەکەش دەکا نوێژەکەشی قەبوول نییە، ئیذەن نە عیبادەتی دەست نوێژی کرد ئەو ذاتە نە عیبادەتی نوێژی کرد، موحتەمەلە بەو دەست نوێژەی دەلێ پێنج نوێژی ڕۆژێ ڕۆژانە ئەدا دەکەم هەر پێنجیان فی صفر دەکرێ با نییەتەکەشی سەلیم بی.

لۆیە حەقیقەتی ناسینی خوای مەربوطە بە حەقیقەتی ئەدای عیبادەتەکە، ئەگەر هاتوو ذاتەکە بە ظاهیر دەست نوێژیشی شوشت چوو ئەرکانەکانی نوێژیشی ئەدا کرد، ئەمما داخیلی نوێژی نەکرد داخیلی دەست نوێژی نەشوشت بوو دیسان عیبادەتەکە فی صفر دەکرێ، لۆیە ضرورییە کو پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم خوای ناسیبی ئەمەش ئەوها خوا بناسین، لۆوەی کو ئەو تانیتی بەو نەوعەی کە خودا دەیەوی عیبادەت بکا پێغەمبەر ئەمەش ئەوها عیبادەت بکەین، کو لەوی قبور کرد لەگەر جەمعی صەحابەی کیرام لە مەش ئەوها قبور بکا.

لۆیە مەجوعە قەواعیدەکمان وەختی خۆی بەحسمان کرد تەئکید لەبۆ ئائەو بوعدەی کە فیعلەن دەبی لە ئەسنای مودارەسەکردنی ناو و کرداره پیرۆزەکانی خوای مەوجودبی لە کنمان، مەربوط بوون بە شەش نوقطە، یەکەمین: گوتمان لەبەر ئەوەی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم قورئانی ئەوها هەمووی پێکەوە نەهاتە خواری لەسەری، قورئان هەموو مەعلومانە ئەبەو نەوعەی کە ئێستا لە کنمانە لە

سورەتی فاتیحەوە دەست پێ دەکا هەتا سورەتی (قل أعوذ برب الناس) بەو نەوعەی نەهاتە خواری لەسەر پێغەمبەر، باشە کو هاتتە خواری؟ دەرێین لە زەرفی بیست و سێ ساڵ، بیست و سێ ساڵ ئەو بیست و سێ ساڵە سێ سەد و شێست و پێنج رۆژی تێدایە، ئەو سێ سەد و شێست و پێنج رۆژە حەفتەی تێدایە ماعەدای دووازدە مانگەکەی ماعەدای هەر رۆژەك بیست و چار سەعات بووە، لە زەرفی بیست و سێ ساڵ ئەوجە قورئان ئەوها هاتتە خواری.

ئیذەن ئەمەش کە دەمانەوێ خوای بناسین دەبی وەکی پێغەمبەری خوای بناسین، بیست و سێ ساڵ ئەگەر لەبۆ زاتی پێغەمبەر ببتە قانون بە بیست و سێ ساڵ خوای بناسی بە حەقیقەت، لە زەرفی بیست و سێ ساڵ بتانی حەقیقەتی عیبادەت ئەدا بکا، ئەمە ئەولاترین لەبۆ صەرفی ئەو زەمەنەی لەبۆ خوا ناسین، لۆیە تەشبیهـ نەبی یەکەمین مەرحەلە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم خوای پێ ناسی یەکەمین مەرحەلە سورەتی عەلەق بوو، تەشبیهی کەین بەو وەرەقەیەی بەو دەفتەرەی یەکەمین صەفحە سورەتی عەلەق هاتە خوارێ لەبۆ پێغەمبەر، ئەوە ئەگەر تشبە نەبی قورئانەکە بی لە ئاسمانێ مەوجودە ئەوە ئەمما پێغەمبەر نازانی ئەوە هەیە، عیلمی بە ماتەبەقای قورئان نییە بەس عیلمی بەو سورەتەی بوو کە هاتتە خوارێ لەسەری.

لۆیە بەو سورەتەی پێغەمبەر ئیمانی بە خوای هینا، ئیذەن بەو سورەتەی پێغەمبەر خوای ناسی، بەو سورەتەی چ ئیسم و فیعلی خوای هەبی لەناو سورەتەکەی هەر ئەوەندەش خوای ناسی جارێ، پاشان ئەوجە سورەتی قەلەم هاتە خوارێ ئەوجە سورەتی موزەمیل هاتە خوارێ سورەتی مودەثیر هاتە خوارێ ئەبەو تەرتیبەی، ئەوە بەو تەرتیبەی سەد و چاردە سورەت لە بیست و سێ ساڵ هاتە خوارێ، ئەگەر هاتوو ئەو باری تەعالا ئیصطیفائی کردبی باری تەعالا ئجتیبای کردبی، جەمعی صەحابەی کیرامی خاص ریعایەت کردبی، ئەوجە لە بیست و سێ ساران خوایان ناسی و خوا بە کامیلی عیبادتی خوایان کرد، ئەمە ئەمەی جەمعی شەباب بەس بە سورەتی فاتیحە و بە جوز عەممە خیندن لە مزگەفتێ فیعلەن ئیمانمان دەگاتە مستەوای ئیمانی وان؟ بەو نەوعەش خوامان ناسییە؟ ئائەوە عەلامەت ئیستیفهامە؟.

نوقطەی دووەم: کە باری تەعالا خەلقی داخیلی مەی کردییە ئەو سینگە، ئائەو سینگە جیهازە وەکو مەعمەل سەعات دروست دەکا ئیشی خاصی خۆی ئەدا دەکا ئەو سەعاتە، تەسجیل دروست دەکا تەسجیل ئیشی خاصی خۆی دەکا، باری تەعالاش ئائەو زەواتانەی دروست کردییە لەبۆ عیبادەت جێی خاصیشی دروست کردییە لەبۆ ناسینی خوای، کو چاوی دروست کردییە لەبۆ دیتن گێی

دروست کردییه لەبۆ بیستن، دەستی دروست کردییه لەبۆ ئیش کردن و گرتن پێی دروست کردییه لەبۆ ڕۆیشتن، دەبی جیهازەکیش هەبی هەر لەناو داخیلی بەدەنی ئینسان خوای پێ بناسرێ، هەر چی دەست و چاو و گێ هەیه ئەوانیش موساعیدبن لەبۆ ئەو جیهازەی، لۆوەی به واسطەی ئائەو دەست و گێیه ئەو چاوه ئائەو مێشکه که خوا ناسرا بکرێ عیبادەتیشی بکرێ، فه لۆیه باری تەعالا لەناو داخیلی ئینسان جیهازی دانا ناوی نابوو فیطره.

ئەو جیهازەیه هەرچی ئیرادەی خوایه لەناو قورئان لەناو ئەو جیهازەی دانایه، به بیکه دەڵێ بیکه دەبی بکرێ لێرەی دانایه، بەوەی دەرێ مەیکه له ناو وەی[مامۆستا مەبەستی قورئانه] لێرەش[مامۆستا هێما بۆ سینگ دەکات واته فیطره] داینایه نابی بیکەی، لۆیه هەر ئینسانەك که خوای ناسی ئەو جیهازەی داخیلی دەست به ئیش کردن دەکا، که جیهازەی داخیلی دەستی به ئیش کردن کرد عەلاماتی خوا ناسی له کنی وەکو کو شتەکی شیرن بخوا له دەوی تامی دێ شتەکی ترش بخوا له دەوی تامی دێ ئیحساس به شیرنی و ترشی بکا، ئەوها ئەو ئیمانه ئەعرازی دەبی ئەو خوا ناسینه ئەعرازی دەبی.

مەثەلەن له سورەتی یەکەم باری تەعالا یەکەمین صەفحه که هاتته خوای لەسەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تێیدا مەوجوده: (ألم یعلم بأن الله یری) (ألم یعلم بأن الله یری) فیعلەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەبی ئیحساس بکا له هەموو وەقتەك باری تەعالا دەبی دیتبی، باری تەعالا دەبی ئیحساسی پێ کردبی، یەعنی: ئەو ئیحساس دەکا هەموو وەقتەك وەکو بیلاتەشبیهـ تۆپەکی شەفاف پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەگەر جەمعی صەحابەی کیرام تەحته کۆنترۆلی باری تەعالاینه، کو حەرەکه و نەشاط بکەن باری تەعالا دەیان بینی، کو ئەو ئەوان دەبینی دەبی ئەوانیش ئیحساس بکەن فیعلەن، لۆیه مەفهومی کەلیمەی ئیحسان (قال ما الإحسان قال « أن تعبد الله كأنك تراه، فإن لم تكن تراه فإنه يراك »، ئەو بوعدی ناسینی خوایه به مەفهومی روئیەی خوای لەبۆ ذاتی ئینسان، که پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەگەر جەمعی صەحابەی کیرام موماڕەسەی ئەو حالەتەی دەکا، فیلەن وەی لێدێ له داخیلی ئەو شوعوره دروست دەبی حەقیقەتەن خوا دەبینی، له کێندەرێ بوو خوا دەبینی ئیحساس به وجودەی خوای دەکا، باشه که خوا مەوجود بوو خوا سەمیعه خوا بەصیره خوا رەقیبه خوا موهەیمینه، ئیذەن دەبی لەگەر ئەو ئەفعال و ئەسمائانەی خوای دیسان تەفاعول بکا و بەو نەوعەش تەعامول لەگەر خوای بکا.

لۆیە پاشی ئیمان هینانی موصعەب پاشی ئیمان هینانی عبدالرحمن کوڕی عەوف، لە هیچ کوتوبی سیرە نییە غەڵەتەکیان پیشان دابی خەطەئەکیان کردبی، مەثەڵەن نییە پاشی ئیمان هینانی موصعەب موصعەب پێکە عارەقەکی خواردبی، عیلمەن عەرەق خواردن لە مەدینە حەرام کرا لەسەری نییە موصعەب خوانەکا زینایەکی کردبی عیلمەن زینا لە مەدینە لە سەریان حەرام کرا، سەبەبەکە چ بوو؟ ئەو ئەسماء و ئەفعالانەی کە ئەوان ئیمانیان پێ دەهینا جیهازی داخیلی وانی دەست بە ئیش دەکرد، کە جیهازی داخیلی دەستی بە ئیش دەکرد ئەو مەنطوقە ئەو حالەتە دەهاتە پێش: (ولكن الله حبب إليكم الإيمان وزينه في قلوبكم وكره إليكم الكفر والفسوق والعصيان أولئك هم الراشدون (الحجرات ٧)، (ولكن الله حبب إليكم الإيمان وزينه في قلوبكم)، کێ دەیکا کێ تەحبیب دەکا کێ تەزین دەکا؟ ئەو بوعدە ئیجابیەکەی باشە بالمقابل شتیتکەش هەیە: (و كره اليكم الكفر والفسوق والعصيان) ئەوە عەکسی تەزینەکەیە.

لۆیە وەفقی تەرتیبی نەزولی قورئان سورەتی عەلەق مومارەسە کرا و تەمرین کرا لەناو داخیلی ئینسان لەسەر ئەو ئەسماء و ئەفعالانە، پاشان بەرز بوون لەبۆ مستەوای سورەتی قەڵەم، ئەوجە باری تەعالا سورەتی قەڵەمی هینایتە خوارێ، کە ئەوان مومارەسەیان کردییە و تەمرینیان لەسەر کردییە ئەوجە سورەتی موزەمیل هاتتە خوارێ، ئائەو طەریقەی ناسینی رەعیلی یەکەم بوو لە خزمەت پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم لەگەر ذاتی پێغەمبەر، وە ئەو تەمثیلییەش ئەو حالەتەش ئەو ئیعادەیەش دەبی هەتا قيام الساعة هەر بەردەوام بی.

نوقطەی سێیەم: باری تەعالا کە ئەو جیهازەی خەلق کردییە بە خۆشی موهەندیسە لەسەر کەمم و نەوعی دانانی ئەسماء و ئەفعال، زۆر جار تیکراری ئەوەمان کردتەوە کە ذات نەخۆش دەبی دەچتە کن دختۆر، دختۆر پاشی تەشخیصی نەخۆشیەکەی دەرمانی لۆ دادەنێ، برێین بیست و حەفت بیست و هەشت حەبی لۆ دادەنێ، ئەو حەبانە دەرێ لەوەندە زەمانەی بیخۆ، دانیایە مەسەلەن هەر شەش سەعات قلە حەبەك بخورێ، گوتمان ئەگەر کابرا بچی لە مارێ قەپاغی شوشەکەی بکاتەوە و هەر بیست و هەشت حەبی بە یەك جاری قوتبدا، دەیمرێنی یان نا؟ مەعلوممانە عیلمەن نەفسی ئەو حەبەیە عیلاجیتی نەفسی ئەو حەبەیە عیلاجە، ئەمما بەو کەمییەتەی نەی خوارد کە دختۆر گۆتیتی، لۆیە دەیفەوتینی تەسەمومی پێ دەکا، ئەوە زەمەنەکە کەمییەکەش بیست و هەشت حەبەکە بە شەش سەعاتی دەبی بیخوا ئەگەر شەش سەعاتەکەی کردە دوازدە سەعات کردییە هەژدە سەعات، هەر رۆژێ حەبەکی خوارد نەفسی حەبە دختۆر لۆی دانایە تەشخیصی کردییە بەویش خوا شیفای دەدا، ئەمما لەبەر ئەوەی بەو زەمانەی کە دختۆر دانابوو نەیخوارد دیسان ئیستیفادەی لێ ناکا.

لۆیە دەبی ئیسم و فیعلی خوای بەو کەمییەتەی وەربگیرێ کە خوا دایبەزاندییە، نەك برادەر بچی کیتابی عەقائیدی بگرتە دەستە خۆی هەر چی ئەسماء و ئەفعالی خوای هەیە هەمووی لەبەرکا بە زهن، پاشان کەممەك هائیل عەدەدەکی زۆر لە ئەسماء و ئەفعالی خوای لە مێشکی دروست ببی نەتانی مومارەسەی بکا، لۆیە زۆربەی مە لە شەباب ئیحساس بە ئیزدیواجییەت دەکا، ئیحساس بە حالەتەك دەکا گوناهـ دەکا گوناهـ دەکا ئەمما دەیەوێ لە گوناهەکەی تەبریر لۆ خۆی ببینتەوە، زۆر جار مەثەلەن تووشی گوناه بووینە ئەمە عیلمەن دەشزانین خوا دەمانبینی خوا گیێ لەمەیە، ئەمما دەمانەوێ خۆمان خۆمان ئیقناع کەین کە ئەو گوناحە ئەگەر گوناهیش بی خەفیفە یاخود گوناه نییە، زۆر جار تووشی غەیبەت بووینە تووشی نەزەر بووینە تووشی درۆ بووینە تووشی زولم بووینە، زۆر جار عیلمەن لە ئەسنای غیبەتەکەی تەمەشای زهنمان بکەین تەمەشای داخیلمان بکەین، خوامان لەبیر بوو؟ لە جواب موحتەمەلە زۆر کەم ئەگەر لەبیرمان بووبی، لەبیریشمان بووبی ئەوهامان دانایە قەیدیناکا ئەو غیبەتە خوا پێی ناخۆش نییە، واضحە؟ یەعنی: دەمانەوی تەفەنوونەك دیبلوماسییەتەك لەگەر خوای بکرێ، عیلمەن باری تەعالا ئائەوەی قەبول ناکا.

لۆ ئەو حالەتە لەناو داخیلی موصعەب دروست نەبوو؟ لۆ بەو نەوعەی عبدالرحمن کوڕی عەوف لەگەر باری تەعالا تەعامولی نەکرد؟ چونکی داخیلی بیلاتشبیهـ ئەگەر باری تەعالا دختۆرەکەبی چ کەمییەتەك داخیلی عبدالرحمن کوڕی عەوف و موصعەب دەتانی ئیسم و کرداری ناو و کردارە پیرۆزەکانی خوا ئمتیصاص و هەزم بکا هەر ئەوەندی لەسەر دابەزی بوو، هەر ئەوەندی تەعامول پێ کرد، ئەگەر ئەو ذەواتانە نەفسی شکلبی نەفسی حالەت دروست دەکا، چونکی هەموومان پێکەوە موتەفیقین ئائەو داخیلەی عبدالرحمن کوڕی عەوف لەگەر داخیلی مە فەرقی نییە، ئەگەر فەرقی هەبی ئی وی چاکتربی كأنه والعیاذ بالله خودا زولم لەمە دەکا.

باشە ئەو لۆ ئەوها چاك بوو لۆ ئەمە ئەوهاینە؟ خەلەلەکە لە خۆمانە کەم تەرخەمییەکە لە داخیلی خۆمانە، عیلمەن ئائەو قورئانە مەوجودە کە تەئسیری لەوی کرد، ئەصلی قەضییە بەینی موصعەب و بەینی باری تەعالا موصعەب بە حەقیقەت خوای ناسی بوو، ئائەوە موشکیلەکەیە ناسینی خوای ئەصلە لە قەضییە، نوقتەی سێیەم: ئەوە بوو کە فیعلەن وفقی کەم و نەوعی ئەو ئسیمە ئەو فیعلە دەبی خوا بناسرێ.

پاشان گوتمان لیسانی عەرەب ئەوە ئەصل لەبۆ تەمەشا کردنی قورئان نەك لوغەی عەرەبی، لوغەی عەرەبی ئائەوەیە ئێستا کابرای موصلاوی بەغدایی قسەی پێ دەکا، ئەمما قورئان بە لوغە نەهاتتە

خوایَ بە لیسان هاتتە خوارێ، گۆتمان لیسان لەگەڵ لوغە، لوغە ئەوەیە ئەو فۆنەتیکە ئەو صەوتەیە حەرف جەر و ئیسم مجرور و فاعیل و فیعل و مەفعول بە نائیب فاعیل و ئائەوانەیە لوغەی عەرەبی، عیلمەن لیسانی عەرەب ماعەدای ئەو فۆنەتیکەی ئیزافە زیاد لەسەر ئەو فۆنەتیکە هەرچی تەعابیر هەیە ئەو ذاتە پێ بکرێ بە دەست بە چاو بە حەرەکە بە مەلامیح بە دیکۆری دەم و چاوی بە ئیشارات، حەتتا تاریخ توراث ئەوانە هەمووی لیسانە، وە لیسانەکەش ئەو تەعابیرانەی لەناو قورئان مەوجودە لەناو جیهازی داخیلی ئینسان مەعنایەکانی هەمووی مەخلوقە هەمووی مەخلوقە.

لۆیە کابرای خۆشناوەتی لەگەر کابرای موزەمبیقی دەبی نەفسی فەهمی هەبی بەرامبەر ئەو قورئانەی، شەرتیش نییە بتانی قورئان بخینی هیچ وەقتەك دانەندرایە قورئان خیندن بەو عەرەبیەی ببتە سەبەبەك لەبۆ نەیلی ریضوانی خوای، رازی بوونی خوای ئیللا دەبی لە رێی خیندنی قورئان بی، ئەو لە هیچ ئایاتەك لە هیچ حەدیسەك نییە، باشە کابرای خۆشناو یان کابرای موزەمبیقی کو خوای لە خۆ رازی دەکا؟ فیعلەن بە ناسینی حەقیقەت ئیسم و فیعلەکانی باری تەعالا، ئەو قورئانە مەعانییەکانی لەناو داخیلی جیهازی ئینسانەکە مەخلوقە.

لۆیە مەثەلەن کابرا کابرای کە ئیمانی بە خواش نەبی لە ئەسنای درۆ کردن حس دەکا درۆی کردییە، حیلە بکا دەزانی حیلەی کردییە، زولم بکا دەزانی زولمی کردییە، چونکی جیهازی داخیلی ئەوها دروست کرایە حەقیقەت هەمووی بزانی حەقیقەت، خراپەش بزانی خراپەیە، لە ئەسنای خراپەکەی دەکا جیهازی داخیلی ئیشارەت دەدا خەتی سۆر، کە خراپەکەی کرد سەبەبەکەی چییە؟ باری تەعالا جیهازەی ئەوها دروست کردییە، ئەوە چاکە ئەوە خراپە طەبەعەن ئەوە حەتتا لەناو مەخلوقاتەکانیش مەوجودە، هەموو مەخلوقات چاکە و خراپە دەزانی ئەمما بە بوعدی بیئەی خۆی، یەعنی: ئەو وەسەطەی کە تێیدا دەژی هەتا حەیوانات نەبات ئائەوانە هەمووی چاکە و خراپەی خۆیان دەزانن، ذاتیش ئینسانیش چاکە و خراپەی خۆی دەزانی، لۆ؟ چونکی مەفاهیمی حەق و عەدالەت لەناو جیهازەکەی طەبع بووە بە مەفهومی تەعلیم.

لۆیە دەبی قورئان بە لیسان تەمەشا بکرێ نەك بە لوغە، کە تەعامول کرا لەگەر قورئان بە لیسان هەرچی مەعانی ئەسماء و ئەفعالی خوایە لەناو داخیلی ئینسانەکە خۆی هەردەقولێ، کە ئەوە ئیجاد بوو تەزکیە بوو نمووی کرد گەشەی کرد ئەوەختی فیعلەن بە حەقیقەت خوای دەناسی، موحتەمەلە قورئانیش نەزانی بخینی، لۆیە داعی نییە کابرای خۆشناو ئیللا قورئان بخینی کابرای موزەمبیقی ئیللا قورئان بزانی مەفاهیم و مەعانی چییە، پاشان هەرچی ئەو هەموو دروسانە ئەمە دەکەین لێرە

لەبۆ وەی نییە باری تەعالا والعیاذباللە دابەزێنینە خوارێ بیبەنە ناو موختەبەر ئسپاتی ئەسماء و ئەفعالەکانی لەسەر بکەین وەکو لە کوتوبی عەقائید کرایە، نەخێر تەعامولمان لەگەر ذاتی رب العالمین بە ئیسم و بە فیعل لەو مەنطوقەیە: (ولله الأسما الحسنی فادعوه بها)، (ولله الأسما الحسنی) راناوەستین بچین بزانین ئیسمەکە مەدلولی لوغەوی چییە؟ بینای چییە؟ ئەو کەلیمەی (الله) لە ئەلیهەوە هاتییە یان لە وەلە هاتییە؟ مەعنای چییە؟ کەلیمەی (الله)، ئحتیاجمان بەوەی نییە، (ولله الأسما الحسنی فادعوه بها) (الأعراف ١٨٠) تەکمیلەی دەکەین (فادعوه بها)، ئائەوە مەطلوبە لەمە، (فدعوه بها) بکەین بە ئەسمائەکان کەلیمەی رەقیب مەعنای لە رەقەبەوە هاتییە رەقەبەش ملی گەردەنی ئینسانە، لۆیە باری تەعالا ئەوهای فەرمووە ئیحتیاجمان بەوانە نییە، چونکی فیعلەن لە ئەسماء و ئەفعالی باری تەعالا سەحب دەکرێ گچکە دەکرێ بە روئییەی بەشەری تەماشای خودا دەکرێ ئەووەختی.

ئەمما ئەگەر هاتوو فیعلەن (ولله الأسما الحسنی فادعوه بها)بی ئەووەختی عیبادەت بەو ئیسمانە دەکرێ، کە کابرا دەیەوەێ فیعلەن تەوەکول بکا لەسەر خوای، بە فیعلی وەکیل خوا دەناسی نەك بە وەکالەت، دەیەوێ مەثەلەن هەستی لە جێوە کە دەرێ یاقوي باری تەعالای نایەتە پێش چاوی وەکو ئینسانەك جەنترمانەك ضەخمەك موصاریعەك والعیاذ بالله، نەخێر مەفهومی قووەت کە خۆێ زەعیفە کە گۆتی یاالله مەفهومی زوعفی خۆی تەسیلمی باری تەعالا دەکا، ئەووەختی قووە دەدا باری تەعالا ئەو مەفهومە ئەووەختی دەبتە مەفهومی تەعەبودی عیبادەت کردن، ئەمما ماتەبەقا مەفهومەك لوغەوییە زمانەوانییە، ئەو ذاتە ئەوەندە ئیستیفادەی لێ ناکا، ئەوانە هەمووی قەواعید بوون تیکرارم کرد لەسەر ئائەو برایانەی بەعزە دەموچاو دەبینم نوێنە لە ماددە، تازە لە خزمەتیانین لەو دەرسانە.

هەر لەسەر ئەو قەواعیدانە کەلیمەی (رب) لە سورەتی پێنجەم بە ترتیبی نزول پاشی حەمد (الحمد لله رب العالمین)، ماددەی ئەوڕۆمان ئەوەبوو لۆ باری تەعالا لێر دەفەرمی: (رب العالمین)؟ ئەو کەلیمەیە پێشترێ باری تەعالا لەناو داخیلی ئینسانەکەی زەمینەی دانایە یان نا؟ ئەگەر زەمینەکەی دانابی کو داینایە؟ ئەوە کە زانیمان پاشان ئەو ذاتە وفقی ئەو زەمینە دانانە ئەگەر ئیشی کرد مەفهومی کەلیمەی (رب العالمین) لە داخیلی دروست دەبی یان نا؟ واضحە؟ کە دروست بوو ئەوجە کو عیبادەتی پێ دەکا؟ بە تەسەلسول بە تەسەلسولی نزولی قورئان لەسەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، کە گوتمان بەو طەریقەیە خوای ناسی وە عیبادەتی خوای کرد.

له سورەتی عەلەق سێ جار کەلیمەی (رب) هاتییه، یەکەمین: (اقرأ باسم ربك الذي خلق) (ربك)، پاشان: (اقرأ وربك الأكرم الذي علم بالقلم)، جاری سێیەم: (إن إلی ربك الرجعی)، تەمەشا بکەن بەس ئەو سێ مەقطەعه واز له ئایەتەکانیتکه بینن، هەر له سورەتی قەلەم باری تەعالا بەحسی قیرائه دەکا (إقرأ)، لۆ؟ کەینێ قیرائه بکا؟ پاشی وەی که فیعلەن باری تەعالا عەن طەریقی رەسول جبریل تیلاوه دەکا، تیلاوەی چ دەکا؟ ئایاتی خوای، جبریل فوجئەتەن لەناو غاری حیرا پەیا دەبی لەبۆ پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم له پێش چاوی ئەمری پێ دەکا: (إقرأ)، جبریل تیلاوه دەکا رەسوله پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم قیرائه دەکا.

طەبەعەن مەفهومی قیرائه له دەرسەکانی چۆنییەتی ئیمان هینان بەحسمان کردییه هەشت مەعنای هەیه له قورئان، هەمووی تێدایه بەس ئەلف با تا ثا نییه، مەفهومی قیرائه له قورئان ووشه دروست کردن نییه رسته دروست کردن نییه، هەشت مانایتکەی هەیه، یەك لەوانه: موتابەعەیه، چاو گێڕانه هەشت مانای هەیه المهیم که جوبریل به پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفەرمی: (إقرأ)، ئەو تیلاوه دەکا جبریل پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم قیرائه دەکا، قیرائەی چ؟ مەخلوقاتی، (اقرأ باسم ربك الذي خلق) (اقرأ وربك الأكرم الذي علم بالقلم):٥٨٢٧ که پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم قیرائەی کرد غێر دەبی له داخیلی خۆی زەمینه هەبی لەبۆ ئەو قیرائەیە، بیلاتەشبیه ذاتەك به من برێ سەد دینارم به قەرد بدێ، ئەگەر نەزانی سەد دینارم پێیه به من نارێ سەد دینارم بدێ، باری تەعالاش که لەو زاتەی طەلەب دەکا قیرائه یاخود له جەمعی موسلمانان طەلەب دەکا قیرائه یان له کابرای موقابیل دەکا قیرائه غێر دەبی بزانی دەتانی ئەو ذاته قیرائه بکا.

مەثەلەن ئەمه به کابرایەکی ئوممی نارێین ئائەو سەطرەمان لۆ بخینه ئەو خەته نوسراوەمان لۆ بخینه، دەزانین ئوممییه ئەگەر پێی برێین حاشاك ئەمه خۆمان له گێلی دەدەین، چونکی دەزانین موسبەقەن ناتانی بخینی، باری تەعالاش موسبەقەن لەناو داخیلی پێغەمبەر و جەمعی بەشەر هەمووی جیهازی دروست کردییه دەفەرمی: (اقرأ باسم ربك الذي خلق) (اقرأ وربك الأكرم الذي علم بالقلم) چی کردییه؟ (الذي علم بالقلم)، ئیذەن قیرائەکه ئەرضییەی هەیه له داخیل، گوتمان جیهازەکەیە، که قیرائەی کرد وفقی ئەو جیهازەی لەناو داخیلی پێغەمبەر و جومعی صەحابه و هەموو بەشەر هەیه، ئەو وەختی فیعلەن حالەتەك دروست دەبی گەرانەوه لەبۆ لای خوای: (إن إلی ربك الرجعی) ئائەوه مەقصەدی خوایه جل جلاله، که بەشەرەکه هەموویان له خەت قیچەك لایان دابی بگەڕێنەوه سەر خەت،.ئەگەر هەبێ (إن إلی ربك الرجعی) ئەوه مەرحەلەی یەکەمه پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەو نەوعەی ربی خۆی دەناسی.

بێینه سەر سورەتی قەلەم لە مەجموعە جێەك باری تەعالا بە (رب) ناوی خۆی هێنایە، یەکەم دەفەرمی: (ما انت بنعمة ربك بمجنون)، یاخود دەفەرمی پاشی وی: (إن ربك هو أعلم بمن ضل عن سبيله وهو أعلم بالمهتدين)، (ربك)، پاشان: (فطاف عليها طائف من ربك) دەی بەو تەسەلسولەی هەتا دێتە خوارێ، تەمەشای سورەتی دووەم بکەین کەلیمەی (ربك) (ما أنت بنعمة ربك بمجنون) نیعمە هاتییە نەك نەعمە، لە قورئان ئەو کەلیمەیە بە فەتحەش هاتییە بە کەسرەش هاتییە، هەرچی کەلیمەی نەعمەیە بە ماددە هاتییە، ئائەو فەضائیلانەی کە باری تەعالا کردیتییە سەر مە، ئەو کەرەمەی کە خودا کردیتییە سەر مە بە ماددە، کەلیمەی نیعمە بە کەسرە بە هیدایەت هاتییە، لێرە دەفەرمی: (ما أنت بنعمة ربك) بە پێغەمبەر دەرێ سورەتی عەلەق قیرائەی کرد وفقی ئەو زەمینەیەی کە (رب)ی وی لەناو داخیلی دانا بوو روجوع دروست لەبۆ ذاتی رب العالمين ئائەوە نیعمەتەکەیە، حالەت لەناو داخیلی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دروست دەبی لەگەر جەمعی صەحابە، ئیحساس نەکا پێغەمبەر ئەو حالەتە جنونە وە تێنەگا ئەوە شێتاتییە.

چونکی مەسەلەن جوزئەك لەو مەوضوعەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم قیرائەی کرد قیرائەی مەخلوقاتی کرد، دێ قیرائەی عاردەی دەکا کە فەلاحەکە گەنمەکەی لەسەر دەچینی تەمەشا دەکا ئەو عاردە ئی ئەو فەلاحەی نییە، چونکی خوا خەلقی کردییە، تەمەشای گەنمی کرد گەنم دیسان فەلاح دروستی نەکردییە ئی خوایە جل جلاله، ئاوەکە بارانەکە ئی فلاحەکەی نییە ئی خوایە جل جلاله، رۆژەکە ئی خوایە جل جلاله، ئەوانە هەموو خوا خەلقی کردینە کابرای فەلاح چی کردییە؟ گەنمی خوای هێنایە پاش کێرانی عاردی خوای گەنمی خوای لە بن عاردی خوای نایە راشوەستایە ئینتیزاری بارانی خوای دەکا ئائەوە ئیشی فەلاحەکەیە، یەعنی: کابرایەکی قاصیر کابرایەك هیچی پێ ناکرێ، لۆیە لە مەفهومی سورەتی (مدثر) بەحسی خەلقمان کرد، بەحسی جەعلمان کرد بەحسی تەمهیدمان کرد کە مەربوطە بەو مەوزوعەی.

ئائەو ذاتە کە ئیحساسی کرد فیعلەن قیرائەی کرد عارد ئی خوایە، باشە خوا هەمووی بکردبایە رەمل هەمووی بکردبایە صەببە، با گەنمیشی هەبایە ئەو زاتە، یەك دەنکە گەنمی پێ نەدەچیندرا، گەنمەکەی وەکرد هەموو گەنم مردی بی چونکی گەنم لە ناوەخۆی حەیاتی هەیە، گەنمەك ئەگەر حەیاتی نەبی ناچیندرێ سمبول دەر ناکا، گەنمەکە ناو داخیلی خۆی مردی بی ناوکەکە و ئەوەکانی نیشاستەی هەمووی مردی بی ئینتاجی نابی سومبول دەر ناکا با عاردەکەش حەیەوی بی، گەنم هەبی عاردیش هەبی، باری تەعالا ئەو نسبەتە ئاوەی کە ئەو عارد و ئەو گەنمە دەیەوێ نەیهینا خوارێ بارانی نەباراند بەو کەمییەتەی، دیسان ئینتاج نەبوو زیاتری کرد کەمییەتەکە دیسان ئینتاج نابی،

عارد هەبوو گەنم هەبوو هەمووی چاك بوو صالح بوون لەبۆ ئیش كردن باران هەبوو رۆژی مەنع كرد، كە ئەو ذاتە ئەو حالەتانە تەصەور دەكا تەفكیر دەكا ئەوە قیرائەیەكە، لۆیە لەناو داخیلی خۆی وەزعەك دروست دەبی شەعورەك دروست دەبی كە خوا رەزاقە خوا موهیمینە.

لۆیە مەثلەن بیلاتەشبهـ لە پێغەمبەر و موصعەبی بێین بێینە وجودی ئەورۆ، كابرایەك لە (شێخ الله)ی ئەو قیرائەیەی بكا لەناو بازاڕ ئەو قیرائەیەی بكا چیدی غەش ناكا، موحتەمەلە رەفیقەكانی دەروبەری برێن باشە ئەوە لۆ غەش ناكا؟ چونكی گەیشتیتە ئەو قەناعەتەی بە مومارەسە و تەمرین خوا رەزاقە، خوا وەدەكا ئەو عاردە ئەوها بی، خوا دەكا ئەو بارانە بەو نەوعەی بی، خوا وە دەكا جل جلالە ئەو رۆژە ئەوها گەرمایی و حەرارەتی هەبی ئائەو ئیشعاعەی هەبی لەبۆ ئەو ئینتاجە، ئائەو ذاتە غەریب دەبی لەناو موجتەمەعەكەی وەتێدەگا فیعلەن دەوروبەر ئەوە حاشاكی گێلە سەطحییە نەزانە ساذیجە، موجتەمەع هەمووی غەش دەكا ئەو غەش ناكا، قۆل دەبڕی قۆلی نابڕی برسیتی دزی ناكا كابرا غەدر ناكا خیانەت ناكا عالەم هەمووی بەشێتی تێدەگا، ئەو مەفهومی كەلیمەی: (ما أنت بنعمة ربك بمجنون)، ئەوجە بەو تەسەسولەی هەتا دەچییە خوارێ مەفهومی كەلیمەی (رب) زیاتر تەرسیختر دەبی.

طەبعەن هەر جارەك كەلیمەی (رب) هات پێغەمبەر و جەمعی صەحابەی كیرام مومارەسەی دەكەن لە داخیلیان، كە مومارەسەیان كرد زەمینە دروست دەبی لەبۆ مەفهومی كەلیمەی (رب) كە دادێتەوە دیسان ئەبەو نەوعەی، دەچینە سورەتی موزەمیل نەفسی شت: (واذكر اسم ربك وتبتل إليه تبتيلا) هەتا(واذكر اسم) دروست نەبی بە مەفهومی (رب) تەبتول دروست نابی، لە چۆنییەتی دروست كردنی ئیمان بەحسی ئەوانەمان كردییە بە شازدە كاسێت.

پاشان: (رب المشرق والمغرب) هەتا مەفهومی (رب) بە مەشریق و بە مەغریب دروست نەبی (لا اله الا الله) دروست نابی لەناو داخیلی جەمعی موئمینین، پاشی وی ئەوجە (لا إله إلا هو فاتخذه وكيلا)، هەتا مەفهومی (رب) مەشریق و مەغریب ئەوە هەمووی مومارەسەی دەوێ تەمرینی دەوێ بە شەو، ئەوجە كە ئەو حالەتە دروست بوو (فمن شا اتخذ إلى ربه سبيلا)، ئائەوە هەمووی دەفعە هەمووی تەحضیرە، ئەووەختی ئەو ذاتە خۆی دەبینی لەسەر سكەیە، ئەوانە هەمووی مەفهومی كەلیمەی (رب)بن هەتا دەگاتە ئەو مستەوایەی لە سورەتی مودەثیریش چەند جارەك هاتییە.

هەمووی جەمع كە لە سورەتی فاتیحە یەكەمین ئایەت: (الحمد لله رب العالمين)، (رب)ی عارد بوو، (رب)ی ئاسمان بوو، (رب)ی ئائەو بارانەی بوو، (رب)ی ئائەو رۆژەی بوو مەشریقی پێ كرد

مەغریبی پێ کرد، هەمووی ئەووەختی دەبتە (رب العالمین)، (الحمد لله رب العالمین) ئائەوە هەمووی بە مومارەسە لە داخیلی ئینسان دروست دەبی.

لە قورئان چەند جار کەلیمەی (رب) هاتییە، کەلیمەی (ربە) یان (ربە)ی حەفتا و شەش جار هاتییە، ئەهەمییەتی ئەو فیعلەی ربوبییەت چەند موهیمە ئینسان لە داخیلی خۆی ئیعادە و تیکراری بکاتەوە، بەس کەلیمەی (ربە)و یان (ربە)ی حەفتا و شەش جار هاتییە، کەلیمەی (رب) یان (ربي) هەشتا و چار جار هاتییە، کەلیمەی (ربي) موشەدەد شێست و حەفت جار هاتییە، کەلیمەی (ربك) دوو سەد و چل و دوو جار هاتییە، کەلیمەی (ربكم) سەد و نۆزدە جار هاتییە، (ربكما) سی و سێ جار هاتییە، (ربنا) یان (ربنا) سەد و یازدە جار هاتییە، (ربها) نۆ جار هاتییە، (ربي) بە یا سەد و یەك جار هاتییە، (ربهما) سێ جار هاتییە، (ربهم) یاخود (ربهم) سەد و بیست و پێنج جار هاتییە، ئەوانە هەمووی بەس لەبۆ مەفهومی کەلیمەی (رب) هەر جارێش بە نەوعەکی هاتییە، هەتا ئەو زاتە ئەو ئیسمە ئەو فیعلە بەو نەوعەی نەناسی بەو نەوعەی تەمرینی لەسەر نەکا، بەو نەوعەی ئائەو (رب)ە ناناسی، کە بەو نەوعەی ئەو (رب)ەی نەناسی بەو نەوعەش ناتانی حەققی ئەدا بکا عیبادەتی بکا، لۆیە لە ئەسنای عیبادەتی خەلەل دەبی.

رۆژی وەکو رۆژی ئەبوبکر ناگری بەلێ دووازدە سەعات ئاو و خواردن لە خۆی دەگری، ئەمما رۆژییەکەی وەکی رۆژی ئەبو بکر نییە، نوێژی عەسر دەکا وەکو ئەبوبکر ئەمما نوێژی عەسری وەکی وی نییە، حەج دەکا حەجەکەی وەکی وی نییە، جیهاد دەکا جیهادەکەی وەکی وی نییە، بینا دەکا تەربیە دەکا تەربیەی وەکی وی نییە، لۆیە ئەبوبکر ئینتاجی هەبوو ئەمە عەدەدمان هەیە نەوعمان نییە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە سێزدە ساڵ تانی حەفتا نەفر دروست کا، سێزدە ساڵی کامیل چل و قسور سورەت هاتبووە خوارێ سێزدە ساڵ بە دووازدە مانگی بەوەندە حەفتەی بەوەندە رۆژەی سێزدە ساڵی کامیل لەبۆ حەفتا نەفر، بە شەش مانگ پێغەمبەر دەولەتی دروست کرد فەقەط شەش مانگ، خۆشی نەی کرد صەحابیەك کردی ناوی موصعەب بوو، خۆی بەس چوو ئیفتیتاحی کرد، بە شەش مانگ وەفدەکی نارد دەولەتەکی دروست کرد، ئەمما بە چ؟ بەو حەفتا نەفەری کە دروستیانی کرد بە سێزدە ساڵ، ئەو سێزدە ساڵە دیارە جوهدی نەوعی لەگەر ئەو زەمەنەی صەرف کرایە، ذەواتەکان داخیلیان هەمووی ببنە ئائەو نەوعییەتەی بتانن دولة الله دروست کەن لە واقیع.

لۆیە هەتا ئەو نەماذیجانە دیسان تیکرار نەبتەوە، ئەمە هەر ئەعدادمان زیاد دەبی ئەمما موحتەمەلە هەزار نەفری مە نەکاتە روبعی ئیمانی ماعزەك کە لە زەمانی پێغەمبەری زینای کرد، هەزاری

وەکی مە نەکاتە روبعی ئیمانی ئائەو صەحابییەی، فە کەیفە ئیمانی موصعەب و عبدالرحمن کوڕی عەوف، هەتا ئەو ئیمانەش دروست نەبی ئائەو وعودانەی باری تەعالا لە قورئان دایتی لەبۆ جەمعی موئمینینی کیرام نایەتە وجود، لۆیە لە ئەخیر رجا دەکەم لە باری تەعالا هەرچی ئەسبابی خوا ناسینی ئائەو نەوعەیە بە نسیبمان بکا، خۆی دەستمان بگری تەرشید و هیدایەتمانبدا، هەرچی خەطە و ئجتیباهمان هەیە لێمانی بە دوور بێخی دەستمان بگری رەحممان پێ بکا.

أقول قولي هذا وأستغفر الله لي ولكم، سوبحان ربك رب العزة عما يصفون، وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين.

کێ سوئالی هەیە تەعلیقی هەیە، تەوجیهـ، نەصیحەت، تەرشید؟ بەلێ لە لای راستەوە.

(پرسیار): مامۆستا بیئەی زەمانی پێغەمبەری لە بیئەی مە باشتر بووە لەبۆ تەغیری نەفس؟

(مامۆستا): جوابەکە مەعکوسی سوئالتە بە تەواوی سەدا سەد و هەشتا دەرجە، ئەصلەن بیئەی پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم بیئەیەکی غێر سەلیم بوو، چونکی تەشابوهـ هەبوو لە ئایاتی خوای کەونی لەگەر ئایاتی خوای مەسموعە، کە تەورات و ئینجیل بوون خەلەلەك هەبوو، مەثەلەن کابرای مەسیحی دەیگۆ: ئەمن لەسەر حەقم کیتابیشی هەبوو، کابرای جوولەکە دەیگۆ: ئەمن لەسەر حەقم کیتابیشی هەبوو، دینی صەحیحیش لە گۆڕێ نەبوو، هەبوو مەثەلەن موەحیدین وەکو عەمرو بن طوفەیل ئائەوانە، ئینحیرافی ئەخلاقی ئی ئەو زەمانی لەو زەمانەی موتەقەدیم تر بوو.

ئینحیرافی ئەخلاقی مەثەلەن قەضییەی جنسی، مەثەلەن شارەك وەکو مەککە چەندها جێی هەبوو وەکو دختۆر ئەو دختۆرانەی ئێستا لە شاریع ئەطیبا مەوجودن عەلامەتیان هەیە، ئەو دختۆرە ئائەوەندە ساڵە خینديتی لە فلان جێ، لەناو مەککە لە چەند گەڕەك ئەوها لافیتە هەبوو دەیگۆ ئەو ئافرەتە عومری ئەوەندەیە جوانییەکەی ئەوەندەیە فلان ساعاتی هەتا فلان ساعات موستەعیدە لەبۆ زینا، واضحە؟ عائیشە لە بوخاری لە چل و قسورەمین حەدیس بەحسی چار نەوعە عیلاقاتی جنسی دەکا، یەکەکیان: هەر بەحس ناکرێ بیئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فاسیدترین بیئە بوو.

لۆیە مەثەلەن ئەهلی کیتاب هەر لەناو ئەو ئەهلی کیتابەی کە ئێستا مەوجودە بەو هەموو ئینحیرافاتەی کە مەوجودە، مەثەلەن ئەمە دەرێین مەسیحییەت خۆ یەك مەذهەب نییە مەسیحییەت، عەشەرات مەذاهیبیان هەیە ئەو ئەوی کافر دەکا، یەهودییەت ئەنواع و ئەشکال طروقیان هەیە، ئەوە هەمووی لەناو بیئەی مەککە مەوجود بوو ماعەدای جالیاتی غەیرە مەسیحی و یەهودی، مەثەلەن

جالییەی فورس مەوجود بوو ئاگر پەرست مەنبەعی موخابەراتی غەربی بوو لەگەر شەرق مەککە، جەنابت بە روئییەی تازە تەمەشای مەککە بکە، پاشان بوعدی تیجاری و ئقتیصادی ئیجتیماعی و ئەوانەی تێدا زۆر ضەعیف بوو، جارێ هەر زراعەتی لێ نەبوو بەتاتەن، هەر بەشەرەك لە مەنطیقەی زراعی نەژی صەحراوی بژی بەشەرەك عەبوس بەشەرەك قاسی طەبیعەتی وشك ئینسانەك موتەجەرد لە عەواطف مەشاعیر، بەشەرەك لە طەبیعەتی زراعی ژیابی چونکی لەگەر حەیوان و لەگەر نەبات و هەواو خۆشی و ثەمەرە و ئەو شتانە نەرمتر دەبی هادیئتر دەبی.

مەسەلەن تەمەشای بەشەرەکانی دوەلی ئەسکەندناڤی بکە لەگەر وەسەطی ئەفریقی، حەتتا تەئسیر لەسەر مەلامیحی ئینسان هەیە بیئە، واضحە؟ ئائەو بیئەیە مەثەلەن لە مەککە مەوجود بوو ریبا لە هیچ جێیەك نەبوو لەسەر کورەی ئەرز بەس لەناو مەککە هەبوو، قورئان هیچ جێیەك بەحس ناکا ریبای تێدا مەوجود بی، لەناو قەیصەر دەولەت هەبوو بانقیان هەبوو ریبای نەبوو، فورس دەولەتیان هەبوو دوو هەزار ساڵ ریبایان نەبوو، لەناو مەککە ریبا هەبوو، واضحە؟ ئیذەن بیئە فەسادی بیئە دەلیلی قووەت و ضوعفی ئیجادی ئیمان نییە، بە عەکسەوە چەند بیئە فاسید بی ئائەوەندە دەبی دەفعی ئائەو ذەواتانە بکا لەبۆ خەیر و حەق، چونکی کابرا بە رەددەت فیعلی واقیع ئیمان نایینی، گوتمان ئەصلەن ئیمانەکە بە فیطرە لەناو داخیلی مەوجودە، کە کابرا کوفر دەکا بە قسە زولم دەکا درۆیێ دەکا جیهازی داخیلی ئیشارەت دەدا ئەتوو غەڵەتت کرد، ئەمما خۆی گێل دەکا.

لۆ عالەم عارەقی دەخوا؟ لۆوەی خۆی فیعلەن لە بیئەی حەقی خۆی قەناعەتی داخیلی خۆی قورتار کا هەربێ، خۆ حاشاکی کەر دەکا لە حەقائیق هەربێ، لۆ موخەدەرات دەخوا عالەم؟ لۆ ئینتیحار دەکا؟ تەهەروب دەکا لە بیئە، لەو حەقائیقانەی کە لەناو داخیلی مەوجودە نەتانینی تەحویل کردن لەبۆ واقیع، واضحە برای من؟ بە عەکسەوە بیئەی مە بیئەیەکی زۆر موهەیئە، ئەمما چییە دەبی ئەمە خۆمان ئیستیخلاص کەین خۆمان ئیستیخلاص کەین، مەسەلەن مەوجودە شەتتا وەسائیل لەبۆ ئیسلام بوون موسلمان بوون، جەنابت مەثەلەن کابرایەکی موطەلیعی لەسەر کیتاب، چەند کیتاب هەیە ماذا یعنی: (کیف ندعو الی السلام) جارێ دانێ، چەند کیتاب هەیە، وەیە یان نا؟ جارێ ئەمە خۆمان نازانین ئیسلامەکە کووە.

مەثەلەن زۆر جار کە دەرێین (بنی الإسلام علی خمس) ماذا یعني؟ کەلیمەی شەهادە (اشهد) مەعنای چییە؟ ئەمە زۆر جار دەرێین ئەشهدو یەعنی قەولە، عیلمەن لە قورئان موعاکیسە باری تەعالا لە قورئان لە سورەتی مونافیقین یەکەمین ئایەت دەفەرمی: (إذا جاك المنافقون قالوا نشهد إنك

لرسول الله والله يعلم إنك لرسوله والله يشهد إن المنافقين لكاذبون) (المنافقون ١) ئەو قەولە صیفەتی مونافیقینە، کەلیمەی ئەشهەدو یازدە مەعنای هەیە، واضحە؟ ئیذەن کابرا دەبی فیعلەن ئستیعدادی ئەوهای لۆ خۆی دروست کا، ئەو یازدە مەعنایە بە ناسینی خوای دەبی شەرتیش نییە هەر یازدەی یەك یەك موتابەعە بکا لە قورئان، بە روئیە هاتییە، بە قەسەم هاتییە، بە حوکم هاتییە الی اخره... کەلیمەی ئەشهدو بەو هەموو مەعنایەی هاتییە، شەرت نییە ئەوانە هەمووی بزانی، ئەمما کە هات مومارەسەی مەفهومی کەلیمەی ربوبییەتی کرد بە قیرائە فیعلەن دەزانی باری تەعالا (رب)ە واضحە؟ بەڵێ سوئال تەعلیق؟

(پرسیار): مامۆستا کەلیمەی (رب) چەند جار هاتییە لۆمان ئیعادە کەوە.

(مامۆستا): ئیعادەی کەمەوە عەدەدەکان؟ باش، گۆتمان (ربە) و حەفتا و شەش جار هاتییە، ڕەب و یا ڕەبە هەشتا و چار جار هاتییە، (رب)ی موشەدد شێست و حەفت جار هاتییە، (ربك)ە یان (ربك)ە دوو سەد و چل و دوو جار هاتییە، (ربكم) یان (ربكم) سەد و نۆزدە جار هاتییە، (ربكما) سی و سێ جار هاتییە، (ربنا) یا (ربنا) سەد و یازدە جار هاتییە، (ربهما) یان (ربهما) نۆ جار هاتییە، (رب)ی سەد و یەك جار هاتییە، (ربهما) سێ جار هاتییە، (ربهم) یاخود (ربهم) سەد و بیست و پێنج جار هاتییە، تەواو سەر چاوم.

طەبەعەن جارێ مەعنای کەلیمەی (رب)مان بەحس نەکرد ها، خۆی چار مانای هەیە (رب)، بەرێ عەفوەن.

(مامۆستا): بەرێ ئەو هەموو صیفەتانە کە بەحسمان کرد مەربوطە بە ئیسم و فیعلی خوای تەفعیلی لەبۆ واقیع کەلیمەی (عالمین) دروست دەبی واضح بوو؟ ئەوە جوابیتی، عەفوەن.

(یەکێك): مامۆستا تازە بەحسی ئەوەت کرد کە عیبادەتی مە لەگەر عیبادەتی ئەصحابەکانی پێغەمبەری جوایەزە، مامۆستا قەصدت لەوەی چییە ئەمە هەر ناگەینە عیبادەتی وان یان.

(مامۆستا): ئێ ئەها زۆر چاکە تەشخیصەکە، عەرزی جەنابتم کرد ئەمە جیهازمان پێیە، جیهازی مە کە لە داخیل دروست کرایە وەکو جیهازی عبدالرحمن کوڕی عەوف فەرقی نییە، ئەگەر فەرقی هەبی زولم لەمە کرایە، وەنییە؟ نابی فەرقمان هەبی، کە فەرقمان نییە باشە ئەو کو وەیلێهات؟ ئەوە نوقطەکەیە دەبی ئەمەش بەو شتەی ئەوهامان لێبێ وەنییە؟ ئەوە کو موصعەب کو ئیمانی هینا؟ یاخود بە چ طەریقەك خوای ناسی ئەمە بەو طەریقەیەی خوامان ناسی، ئەمەش وەکی ویمان لێدێ، ئەگەر

هاتوو به طەریقەکیتکە خوامان ناسی گۆتمان ئەمە لەتو عاقلترین ئەمە لەتو صالحترین، ئەتو ڕۆیشتی ئەمە تەجروبەی طەریقەیتکە دەکەین، ئەوهامان لێ دەردەچی واضحە برای من؟ ئەها لۆیە لە بیدایەت گوتم قورئان بەو تەرتیبەی هاتتە خوارێ ئەوانیش بەو تەرتیبەی ئیمانیان هینایە، بەو تەرتیبەی خوایان ناسییە، پاشان ئەوجە بەو تەرتیبەی عیبادەتیان کردییە، نوێژی چار رکاعەتی مە لەگەر نوێژی چار رکاعەتی وان فەرقی نەبووە، نەفسی فاتیحەیە دەخینین وەنییە؟ ئەمما ئایا فیعلەن کە ئەوان دەیانگۆ (الله اکبر) لەگەر (الله اکبر) من فەرقی هەیە یا نا؟ عارد و عاسمان فەرقی هەیە، لۆ؟ چونکی ئائەو بەو تەمریناتە داچوونە سێزدە ساڵ، ئەمن بەو تەمرینەی دانەچوویمە، یەکسەر ئەمن گەنج بووم نەفرەك لە جادەی یەقەی گرتم مزگەفتیش لەسەر جادەیە هینامیە ناو مزگەفتێ جزو عەمەی دادەستم لە ئەخیری جزو عەمەی گۆتی: (قل أعوذ برب الناس) (قل أعوذ برب الفلق) بخینە، پاشان وەکی جزو عەمەم تەواو کرد قورئان فێربووم پێنج شەش کیتابی دادەستم، ئا پاشان لە مزگەفتەکی دانام گۆتی ئەتوو ببە فەقێ لەو مزگەفتەی دەرس بە عالەمێ برێ واضحە؟.

(یەکێك): مامۆستا لە هەموو مزگەوتەکا دین بەو نەوعەی وەردەگیرێ.

(مامۆستا): ئەوجە ئەمە نامانەوێ تەغطیەی کەس بکەین، نەء، خۆی ئاوەکە ئەوها رژایە.

(مامۆستا): عاممە ئەمن هەر عام دەرێم، ئەمنیش عام دەرێم هەموومان ئەمە وەلیدی ئەو بیئەیەینە، باشە لۆ مەثەلەن فکرمان نەکرد ئەبوبکر ئەوها ئیمانی هینا؟ عەمار ئەوها ئیمانی هینا؟، لۆیە مەثەلەن ئەمن لەبیرمە ئەمە گەنج بووین مەثەلەن دەچوومە سینەمەی، دەچوومە سینەمەی ئەوە بەحسی حەفتاکان دەکەم قیچەك ئەمن لە عومر گەورەمە، بەرێ دەچووینە سینەمەی دەمانگۆ با بزانین ئەوروپا لە بێئەخلاقی گەیشتتە کێندەرێ، نەمدەزانی یا فێرم لە خۆم دەکرد ئەو هەموو رسمانە لە مێشکم طەبع دەبی یەك حەفتە وەکی دەمگۆ (الله اکبر) ئەو رسمانە هەموو دەهاتە پێش چاوم، وەیە یان نا؟ واضحە برای من؟.

زۆرجار مەثەلەن ئائەو ئافرەتە مەثەلەن سافیرە بە نییەتی ئەوەی دەمگۆ و(الله) تەمەشای ئەو سافیرەیە بکەم بزانم ئینحیراف لە هەولێرێ گەیشتە چ مستەوایەك، ئا یان زۆر جار مەثەلەن موحەجەبە قیچەك کەشخە دەبوو تەمەشا دەکەم کێ دەرێ نایهینم سبەی دوو سبەی، تێدەگەی یەعنی نەفسی شەخصی قەدیمم ئەمن کە پێشەوەی نوێژ بکەم دەچوومە سینەمەی ئەووەختی جەریئتر بووم ئەووەختەی شەجیعتر بووم گوناهم دەکرد دەمگۆ گوناهی دەکەم ئا گوناهە و دەیکەم، ئەمما ئێستا نا پەنا و پێچی لۆ پەیا دەکەم تەفەنون دەکەم، واضحە؟ ئەو تەفەنونە خوا پێی ناخۆشە، یەعنی کابرا

ئەگەر گوناهیش دەکا جەریئبی بۆ ئەوە گوناهە دەیکەم نەك تەحەدی نا بۆ ئەوە حەرامە بە حەرامی دەیکەم، ئەوە نەزەرە دەیکەم نەك تەمەشای فولان و فلتان بکەم، مەثەلەن ئێستا ئەمە دادەنیشین پێنج شەش گەنج بین ئەوا عادەتمانە پێنج شەش گەنج بین دادنیشین غیبەتان دەکەین، ئەوجە ئی ئەشخاص بی یان ئی ئیتیجاهاتی ئیسلامی بی وەیە یان نا جەماعەت؟ عادەتمان لۆ وەدەرێن حەقە قەیدێ ناکا فلان وەنەکرد با ئەوها نەدەبوو فلان مەلا وەی نەکردبا ئەوها نەدەبوو فلان مەلا نەچووبا خاریج ئەوها دەبوو، باشە لۆ لۆ خۆمان حەلال کردییە عیلمەن گوناهیشە خۆمان دەزانین، ئەگەر تێیدا مەوجودبی غیبەتە تێدا مەوجود نەبی بوهتانە، چەند جار بەحسی غیبەتمان لە قورئانی خیندییە، چونکی ئیمانم پێ نییە بە ئایەتەکەی خوام ئەوها نەناسییە ئەگەر بزانم فیعلەن باری تەعالا دەمبینی گێی لە منە ئاگای لە منە موراقەبەم دەکا، یەکسەر ئەوە تەسجیل دەکا پاشان حیساب و کیتابیشی هەیە شەدیدە، ئەووەختی فیعلەن ئەدەب دەمگری واضحە؟ عەفوەن.

(یەکێك): مامۆستا فەرق بەینی قیرائە و تەلقین چییە؟

(مامۆستا): سوئالەکی وەجیهە بەلێ عەفوەن ئەو تەسجیلە ئەوە شریتی ناویتی کە لێرە ئەمن قسان دەکەم لێرە تەسجیل دەکا ئەو تەسجیلە، ئەمما ئەوە چ عیلاقەی بە قسەکانم هەیە؟ وەیە یان نا؟ پێی دەگوترێ تەسجیل، بێینە سەر مەعنای کەلیمەی قەدیم پێی دەگوترێ تەلقین، ئەمن ئەو جیهازەم تەلقین کرد ئەو جیهازە لەناو صەوتەکەمی تەحویلی کەهرەبائیات کرد لەناو وەی حیفزی کرد، ئەمما خۆی جیهازەکە عیلاقەی بە هیچ دانییە لەبۆ موسیقاش ئیستیعمال دەکرێ عیلاقەی بەهیچ دانییە ئەو جیهازە، ئەوە مەفهومی تەسجیل و تەلقینە، موختەلیفە لەگەر مەفهومی قیرائە، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لە مەفهومی قیرائە دەگەیشت مەقصەدی جبریل چییە واضحە؟.

مەثەلەن ئەمە حافضمان هەیە چاو کۆر مەلا فولان دەناسم موحتەمەلە ئەوەی هەولێری بی بیناسی حافظی قورئانە، ئەمما باوڕبکە ئەوەندەی جەنابت لە قورئان دەزانی ئائەوەند ئەویش ئەو خۆی ئەوەندە نازانی، پێشی برێ مەثەلەن لە سورەتی ال عمران لە ناوەندی لۆت دەخینی هەتا ئاخیری هەتا ئاخیری قورئان، لۆ؟ ئەوە حفظی قورئانی نەکردییە قیرائەی قورئانیشی نەکردییە ئەوە مولەقینە قورئانی لەبۆ تەلقین کرایە، چاوی کۆرە صەوتەکەی گێ لێبووە لە مێشکی خۆی تەسجیلی کردییە وەکی ئەو جیهازەی، ئەوە پێیدەگوترێ تەلقین.

قیرائە چییە؟ کە فیعلەن مەوضوعەکەی لەسەر طەرح کرا لە مێشکی تەحلیلی کا بیهاوێتە ژۆرێ، پاشان تەمرین بکا لەسەری مومارەسەی بکا ئەوە قیرائەیە، بە هەشت مەعنا هاتیە لە قورئان لە

دەرسەكانی چۆنییەتی دروست كردنی ئیمان بەحسمان كردییە بە تەفصیل، واضحە برای من؟ ئیذەن ئەمە بەینی قیرائە و بەینی تەلقین فەصل ناكەین، عیلمەن ئەمە خۆمان دەزانین پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم ئوممی بوو، زۆر جار مەثەلەن كەلیمەی قیرائە مەثەلەن سورەتی فاتیحە یان ئەو ئایەتە لەوەی نوسرایە بخینین پێی دەڵێین ئەوە قیرائەیە، لە قورئان ئەوە قیرائە نییە واضحە؟ لۆیەش گۆتم دەبی جەنابت تاخیر هاتی لە بیدایەتی دەرس بەحسمان كرد دەبی عەن طەریقی لیسان قورئان فەهم بكرێ نەك لوغە، چونكی قورئان مەفاهیمی گۆڕایە، زۆر جار ئەوەمان ئیعادە كردتەوە، قورئان كوفر نەیتانی تەغیر لە قورئان بكا ئەمما تانی مەعانی قورئان بە موصطەلەحات بیگۆڕی، یەك لەوانە كەلیمەی قیرائەیە واضحە؟ بەڵێ عەفوەن.

(یەكێك): (.......٥٧:٢٥).

(مامۆستا): بەڵێ كامیان؟

(یەكێك): (٥٧:٣٨).

(مامۆستا): ئەورۆ؟

(یەكێك): (٥٧:٣٨).

(مامۆستا): بەڵێ كە میثال هینایتم فەقەط كە میثال.

(یەكێك): مامۆستا كەلیمەی (رب) كوو دروست دەبی لە قەلبی ئینسان؟

(مامۆستا): بەڵێ ئەها ئەوە مەفهومی كەلیمەی (رب)ە هەتا قیرائە نەكرێ دروست نابی.

(یەكێك): مامۆستا بەصیری خوای چۆنە؟

(مامۆستا): بەصیرەكە چۆنە؟ یەعنی ئەو ذاتە ئەوها ئیحساس بكا فیعلەن جیهازەك هەیە دەیبینی فەوقی ئەو جیهازەش (رب العالمین)ە، مەثەلەن مەلائیكەت دەیبینی وەیە یان نا؟ مەلائیكەت دەمان بینی.

(یەكێك):بەصیرىخوداي كو هەست پی دەكەین؟

(مامۆستا): عەفوەن ئەو کاتە بەحسی روئییەمان کرد نەك بەصیری نازانم جەنابت لێرە بووی یان نا بەحسی روئییەمان کرد، (ألم یعلم بان الله یری)، پێشی بەصیرییە پێشی بەصیری بەحسی روئییەمان کرد، ئەو حالەتە دەبی لە داخیلی ئەو ذاتەی مەوجود بی کە فیعلەن کو حەرەکە و نەشاطی کرد باری تەعالا دەیبینی، نەك بەس باری تەعالا ظاهیری دەیبینی داخیلیشی دەبینی، تەحتی کۆنترۆلە، چونکی لە سورەتی عەلەق ئەوە مەوجودە نازانم لەبیرتان مایە یان نا ئەوە: (ألم یعلم بان الله یری)، ئەوە فیعلەك بوو لە ئەفعالی خوای جل جلالە پێشی بەصیری، ئەوجە پاشان إن شاءالله دێینە سەر سەمیع و بەصیری باری تەعالا، ئەمما بە ئەمثیلە زۆرم ئەوە گۆتییە لۆوەی فیعلەن تەقریبی حالەتەکەی بکەم لە ذیهنی موقابیل، إن شاءالله ئەگەر تێگەیشتبم لە سوئالت.

(مامۆستا): إن شاءالله، عەفوەن بەڵێ.

(یەکێك): (ولو شئنا لاتینا کل نفس هداها) ئەو ئایەتە مەعنای چییە؟

(مامۆستا): (ولو شئنا لآتینا کل نفس هداها) ئائەو تەسخیرییەتە باری تەعالا نەیکردییە، گوتمان کەلیمەی هیدایەت (یهدي من یشا) (من)ەکە عایدە لەبۆ ذاتەکەی، باری تەعالا هیدایەی موطلەقی هەموو مەخلوقاتی دایە، (الذي خلق فسوی) (والذي قدر فهدی) هیدایەتی مەثەلەن مێروستانی دایە هیدایەتی نەحلی دایە هیدایەتی فلانی دایە، ئائەو دارە کە برند دەبی لۆ عاسمانێ قەدەکەی دەچتە عاسمانێ گەڵا دروست دەکا ناچتە خوارێ لۆ عاردی، ئەوە هەموو هیدایەتی خوایە ئەوە پێیدەگوترێ هیدایە موطلەقە، هیدایەی دووەم: هیدایەی خاصە کە ئینسانەکە خۆی ئیستیعدادی هەبی واضحە؟ بەڵێ.

ئەو مەشیئەیە مەشیئەی ئەوەی پێ دەگوترێ تەسخیری، یەعنی وەکو مەلائیکەت ئەووەختی ئائەو زاتە عبودییەتی نامینێ عبودییەتی نامینێ واضحە؟ یەعنی: دەبتە جیهازەك دەبتە موسەیەر جەننەت و جەهەننەم مەفعولییەتی نامینێ حیساب و کیتاب نامینێ ئەووەختی، دەمتانی ئەوها بکەم حەتمەن، چونکی وەکی مە مەخلوقی هەیە ئەوهایان لێکردییە، عیبادەت دەکا موستەمیر موستەمیر عیبادەت دەکا زاد و خواردن هەمووی عیبادەت کردنەکەیە، وەیە یان نا؟ ئەمما لەبۆ مە (یهدي من یشا) (من)ەکە لەبۆ عائیدە، ئەمن ئەگەر بمەوێ خودا هیدایەتم دەدا، ئەمما ئەگەر ئەمن خۆم نەمەوێ

عەمدەن خوداش ضەلالەتم دەکا، واضحە؟ یەعنی گێم ناگری ئیللا دەبی ئەتوو ببییە موهدات عیلاقەی بەوەی دانییە، ئەگەر بیکردبا ئەوهای لێدەهات واضحە؟.

(مامۆستا): عەفوەن بەڵێ.

(یەکێك): مامۆستا کەلیمەی (نعمة) مەعنای چییە؟

(مامۆستا): ئەثەری ئائەو نیعمەتە کەلیمەی نیعمە مەزیجەکە لە هیدایەت لە ئیرشاد لە تەوفیق، یەعني بالضبط النعمة لا یساوی الهیدایة، مەزیجەکە ئەمما برێین نسبەکی زۆری هیدایەتە لە سەدا حەفتای برێین هیدایەتە، بوعدی مەعنەویشی هەیە نەك ماددی، لۆیە بە موفرەد هاتییە، (وان تعدوا) ناریَ نیعمە الله ئەگەر نیعەم بایە دەبا فیعلەن بەحسی ئەوانە بکەین، چونکی کەلیمەی ئیحصا هاتییە نەك عەد، (وإن تعدوا نعمة الله لا تحصوها) (النحل ١٨) ئەثەرەی ئەو نیعمەتەی بتانم تیعداد کەم ناتانم ئیحصای بکەن، بە واسطەی ئەو نیعمەتەی ئائەو موئمینە تەعامول دەکا لەگەر ئائە و واقیعە ئەو وجودە، لۆیە حەیاتی موئمین لەگەر حەیاتی کافر کوڵەن موختەلیفە، ئەثەری نیعمەتی داخیلی هیدایەتەکەی لەسەر ماددە لەسەر وجود.